www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-6-2006 0:43

## زەرقاوی و مەلا کرێکار ... کاوە ئەمین



هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕۆژئاوا بە مەبەست و بە پێی پلانێکی وردی نەخشەبۆکێشراو، دەیانەویت هیچ رووخسارێکی جوان بە ئاینی ئیسلامەوە نەهێڵن و ئێستا ئیسلام جێگای دونیای کۆمۆنیستی سۆڤییەتی گرتۆتەوە تا لەو ڕێگایەوە ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا، بتوانێت جێپێی سیاسی، ئابووری و کولتووری خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قایم بکات، کورد وتەنی بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژێت. لەلایەک لە ژێر ناوی دژایەتی تیرۆر پێگەی ئیسلامییەکان لەق بکات کە بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری مێژوویی و هەنوکەیەوە هەمیشە زەمینەی گەورەبوونیان لەئارادایە، لەلایەکی ترەوە پێگەی ئابووری خۆیان بە تایبەتی سەرچاوە نەوتییەکان قایمتر بکەن. دیکتاتۆرە دەبەنگەکانی ڕۆژهەڵاتیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان بوونەتە دەستکەلای ئەمریکا و کاتێکیش کاری پێیان نامێنێت یەک لەدوای یەک ملیان دەشکێنێت و دەیکات بە پیاوەتی و مرۆڤدۆستی گەلانی چەوساوە و هەژاران و برسیکراواندا. لەخۆرا نییە کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی جیهان بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی، پێیان وایە کە ئەمریکا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاشتی جیهانی و لە پەنجا ساڵی داهاتوودا دونیا رووبەڕووی هەڕەشی جددی دەکاتەوە بەتایبەتی ئەگەر کەسانی وەکو جۆرج دەبلیوو بوش کەشتیەوانی ئەمریکا بکەن.

سەرهەڵدانی چەندین گرووپی تیرۆریستی ئیسلامی بەتایبەتیش لە عێراقدا کە بە دڕندانەترین شێوە کەتوونەتە قەڵاچۆکردنی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانەوە بە ژن و منداڵیشەوە، دیاردەیەکی یەکجار ترسناکە کە مەترسی نەک بۆ عێڕاق و کوردستان هەیە بەڵکو مەترسییەکی جددییە بۆ سەر گەلانی ناوچەکە، واتە توندڕەوی و تاوانەکانی ئەمریکا بەناوی دژایەتی تیرۆرەوە و کردەوە تیرۆرییەکانی ئەو گرووپە تیرۆریستانە بەناوی گوایە "مقاومە"وە و دژایەتی داگیرکەرەوە، دوو ڕووی یەک دراون و هاوکێشەکە یەکسان دەکەن. ڕەوایەتی بە تیرۆر لەلایەن ئەمریکاوە بێت یانیش لەلایەن گرووپە تیرۆریستییە ئیسلامیەکانی سەر بە ئەلقەیدەوە، کارێکی قێزێون و نەفیکراون لەلایەن هەرکەسێک کە خۆی بە مرۆڤ بزانێت. ئەمەش بۆ ئەوە ناڵێم تا تەرازووەکە هاوسەنگ رابگرم یاخود فیفتی بە فیفتی، بەڵکو بە قەناعەتەوە دەڵێم، نمونەی ملهوڕیی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن ئەمریکاوە شتگەلێک نیین چاویان لێبپۆشرێت و تیرۆری گرووپە ئیسلامییەکانیش لە ڕۆژ ڕووناکترن.

سەیرەکە لەوەدایە کە ئەو گرووپە ئیسلامیانەی کە ئیمرۆ بوون بەبەڵا بەسەر سەری ئەمریکا و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەرهەمی شەڕیی ساردی نێوان سێکولاریستەکانی جیهانن بە ئەلقەیدە و جوندی ئیسلامی کوردیشەوە. مەلا کرێکار کە ڕۆحی خۆی بەقوربانی بن لادن دەکات، بە بەرچاوی کامێراکانی ڕاگەیاندنی یەکیەتیەوە لە مزگەوتەکانی سلێمانی فەتوای دەداو سەربڕینی فێری گەنجانی کورد دەکرد، ئاخر کەسێکی وەکو مەلا کرێکار لە سێبەری شەڕیی ناوخۆدا گەورەبوو، و چاو پۆشی دەکرا، بە هەزاران کەس نەک تەنها لە سلێمانی بەڵکو لە شارەکانی تری باشووری کوردستانەوە بە پاس بهێنرێن بۆ خوتبە ئاگراویەکانی مەلا کرێکار. ئەمریکییەکان، بە ملیارد دۆلاریان لە پەرەوەردەکردنی موجاهیدانی ئەفغانیدا سەرف کرد تا شەڕیی سۆڤیەتیان پێبکات و پاشانیش لە ڕێگای دەستگای سیخوڕیی (CIA) و دەستگاسیخوڕییەکانی پاکستانەوە، تالیبانەکانیان هێنایە سەر دەستەڵات و پاشانیش کە کاریان پێیان نەما، بوونە تیرۆرست و دژە مرۆڤ.

بەدبەختی ئیسلام لەوەدایە کە خەڵکانی وەکو مەلا کرێکار و زەرقاوی خۆیان بە نوێنەری دەزانن و ڕاگەیاندنیش بە خۆشحاڵییەوە باشترین لاپەڕە و باشترین کاتی تەلەفیزیۆنەکانیان بۆ تەرخان دەکەن. مەلا کرێکار، جارێک خۆی بە قوربانی شێخ زانا و جارێک بنلادن و جارێکیش زەرقاوی دەکات، ئایا ئەگەر ئەمە سوکایەتیی بە ئیسلام نەبێت دەبێت چیبێت؟ زەرقاویەک، کاتێک ژنێک یان پیاوێک لە سەیارەیەک دادەبەزێنێت، تەنها لەبەر ئەوەی شیعەیە یانیش کوردە دەیداتە بەر دەستڕێژیی گوللە یانیش بە پیاوکوژەکانی دەڵێت بۆم سەربڕن، هی ئەوەیە بە شەهید لەقەڵەم بدرێت و پێی بوترێت موجاهید؟ من پێوام نییە خوا خۆشی بەبێ مەحکمە کەسێک بهاوێتە نێو

ئاگری دۆزەخەوە، ئیتر مێشکژەنگاویەکی وەک زەرقاوی چۆن و بە چ یاسایەک کەسێک سەرببڕێت تەنها لەبەر ئەوەی ناوی (عەلی) یە یانیش گرووپێکی شیعە کەسێک بکوژن تەنها لەبەر ئەوەی ناوی عومەرە؟ مەلا کرێکار و زەواهیریش بە "سەروەری شەهیدان" ناویان بەرن.

ڕۆژئاوا، لە خوایان دەوێت کە مەلا کرێکار و بنلادن و هاوشێوەکانیان ڕۆژانە بە ناوی ئیسلامەوە ئەو جۆرە شەکرانە بشکێنن هەروەک ئەوەی مەلا کرێکار لە "ڕۆژنامەی ئاوێنەدا" و "زەواهیریش" لە کەناڵی جزیرەدا هەفتانە، دەیشکێنێ، ئاخر هیچ عەقڵێکی ئیسلامی و نائیسلامی ئاوا بە ئاشکرا بانگاشەی قەتڵوعامی خەڵک ناکەن، کاتێک ئەمریکیەکان تاوانێک دەکەن و لێیان ئاشکرا دەبێت، جەنراڵێک دەهێننە سەر تەلفزیۆن و باسی سزادانی بکەرەکانی دەکات، کەچی ئەو گرووپانەی بەناوی ئیسلامەوە تیرۆر دەکەن، دێن بەناوی خواوە قسەدەکەن ئەمەش پێگەی ئیسلامییەکان لە نێو خەڵکدا زیاتر ناشیرین دەکات نەک بە پێچەوانەوە.

مەلا کرێکار و هاوشێوەکانی کە پشتیوانی لە تیرۆر دەکەن دەبێت بدرێنە دادگا، ئیسلامییەکانی کوردستان کە وەک هەر تاکێکی تری کورد مافی ئەوەیان هەیە بیروباوەڕی خۆیان بپارێزن نابێت خۆیان بخەنە ئەو داوەوە کە مەلا کرێکار و هاوشێوەکانی بۆیان دادەنێن بە ناوی ئیسلام و خولەفای ڕاشدینەوە، لێگەڕێن با هەر تاکێک خۆی بڕیار بدات کە بیروڕای دینی خۆی یانیش بە پێچەوانەوە هەڵبژێرێت، دەنا توندوتیژیی و تیرۆر و یەکتر تاوانبارکردن کۆمەڵگایەکی سەقەت و ناتەندروست دەئافرێنێت، دەبێت بە یاسا مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵگای کوردەواری بپارێزرێت و بەیەک چاو سەیری هەموان بکرێت. دڵنیام ئەگەر مەلا کرێکار بیزانیایە یاساکانی نەرویج بەیەک چاو سەیری ئەو و نەرویجییەک ناکات، نەیدەوێرا هێندە قارەمانانە قسە بکات و خۆی بە قوربانی بنلادن و زەرقاوی نەدەکرد و ئاوا دەمی گەرم نەدەبوو!